# کلێشەی پرسەنامە و دەقی سەرەخۆشی

## خوێندنەوەی دەقی «گۆرانییەک بە تەنیا لە چۆڵەوانیدا پیاسەی کرد...!»(١)

**بەختیار حەمەسوور**
**(سلێمانی)**

ڕەنگە لەو پێناسە زۆرانەی بۆ ئەدەبیات و بە تایبەت بۆ شیعر کراون، پێناسەی فۆرمالیستەکانی ڕووس، تا ئێستاش نزیکترین و گونجاوترین پێناسە بێت، کە دەڵێن: «ئەدەبیات، جیهانی ئاشنا لە ئاشنایەتی دەخات و نامۆی دەکات.»، دیارە لە وەها پێناسەیەکدا بۆ ئەدەبیات، بێ ئەوەی ناوی «زمان» هاتبێت، دەتوانین کاریگەریەتیی زمان ببینین و بخوێنینەوە، هەروەک (تۆدۆرۆڤ)یش دەڵێت: «ئەدەبیات لە باوترین پێناسەیدا؛ بەرهەمهاتوویەکی زمانییە.»(٢) زمان لە ئەدەبیاتدا جیایە لە هەر کایە و بوارێکی تر، بە تایبەت کە قسە بێتە سەر شیعر، زمان لە شیعردا دەبێت جیا بێت لە زمانی ئاسایی، دەڵێین «دەبێت»، زەروورەتە.

زمان لە شیعردا بە کورتبڕی و چڕی ناسراوە. لە شیعردا، زمان لە حاڵەتە سروشتییەکەی دەچێتە دەرەوە، ئەمەیش وا دەکات شیعر هەڵگری زیاد لە خوێندنەوە و دەلالەتێک بێت. «شیعر، جێی ڕەسەنی زمانە.»(٣) و زمان لە شیعردا، تەنانەت لەو کاتانەیشدا کە لە زمان و ژیانی ڕۆژانە نزیک دەبێتەوە، دیسان مامەڵەیەکی تر و تاقیکردنەوەیەکی تر ئەنجام دەدات. «شاعیر وەک بوونەوەرێک قەدەریەتی شتێکی دیکە بڵێت، تەنانەت ئەو کاتەشی بە هەمان ئەو شتانە قسە دەکات کە خەڵکی قسەی پێ دەکەن. ئەو تۆمەتە باوەی شاعیرانی پێ تاوانبار دەکرێن، کە گوایە لەم جیهانەدا نین و لێی یاخین، دەشێت بۆ سروشتی گوتەی شیعر خۆی بگەڕێتەوە، چونکە هەرگیز وشەی شیعری سەر بەم جیهانە نەبووە.»(٤). شاعیران زمان وەک ئامراز بەکار نابەن، بەڵکو زمان لایان ئامانجە، مەبەستی سەرەکییە، ئەگەر کەمێک هایدیگەری بدوێین، دەڵێین: لەناو زماندا نیشتەجێن و کایە دەکەن، «کایە بە مانای دانانی هەر شتێک لە جێی خۆی، جێی ڕاستەقینەی لە جیهاندا، وەک منداڵێک کە هەر شت لەو جێیەدا دادەنێ کە دەبێت دانرێت.»(٥). هەر ئەمەیە وا دەکات ڕۆڵی شاعیران لە پاراستن و پەرەپێدانی زمان بۆ ئاستێکی فرە بەرز هەڵبکشێت. ئاستی ئەم هەڵکشان و پەرەپێدانە دەکەوێتە سەر ڕادە و نیسبەتی ئاگایی و حەساسیەتی زمان لای شاعیر، واتە تا کوێ شاعیر لەگەڵ زمان دەڕوات و لە زمانی ئاسایی و هەرڕۆژە تێپەڕ دەبێت.

زمان لای شاعیری ڕاستەقینە هەرگیز ئەو زمانە نییە کە گوێمان لێی بووە و پێی دەدوێین، بەڵکو زمانێکە ئەفسووناوی، باڵا و هەژێنەر. «زمان لە شیعردا ئازادە، خۆیەتی، زۆر شادە.»(٦). لە شیعردا زمان بەرەوڕووی هەموو بڤە و ڕیسک و ڕێپێنەدراوێک دەبێتەوە، ئەگەر حەرام و ناشەرعی بوونێک بۆ شاعیر هەبێ، ئەوەیە، زمان لە دۆخی ئاسایی، فلات و ڕۆژانەییدا بەکار ببات و



**تەیب جەبار**

بەرەوڕووی مەحاڵ و بەگژ دژواریدا نەکاتەوە و لە قاڵب و کلێشە سازکراوەکانی ڕێزمان و زمانی پێوەر، پێڕەوی بکات. «شاعیرانی ڕاستەقینە ئەوانەن کە قووڵترین هەستیان بۆ زمانەکەی خۆیان هەیە.»(٧). ڕیسککردن لەگەڵ زمان، مەرجی یەکەمی هەر شاعیرێکە، قومارە، زارهەڵدانە، کە هەم ئەگەری کەوتن و دۆڕاندنی تێدایە، هەم دەشتوانێ دەرفەتێک بێت بۆ کەشفی نوێ و ئیمکانی نوێ. ئەگەر شاعیر لەم قومارەدا سەرکەوتوو بوو، دەتوانێ فۆرمی نوێ و پێشنیاری تازە بکات، بەمەیش دەروازەیەک بۆ فرەڕەهەندی و فرەخوێندنەوەی دەق فەراهەم دەبێت و ڕۆڵی خوێنەر بەرز دەبێتەوە.

* * *

پەخشانەشیعر چۆن مامەڵە لەگەڵ زمان دەکات؟، یان بڵێین: سنووری زمان لە پەخشانەشیعردا تا کوێیە و تا کوێ دەتوانێت لە توانایی و ئیمکانە لەبن نەهاتووەکانی زمان سوودمەند بێت؟ زمان لە پەخشانەشیعردا جیایە لە زمان لە شیعردا، بەو مانایەی «بنیادی زمان لە پەخشانەشیعردا لە ڕستەی تێهەڵکێش و پێکەوەلکاو پێک دێت، (بەڵام) بنیادی شیعر، لە بنیادێکی لێکترازاو و هاوکێش و هاوکۆتایی پێک دێت.»(٨). بە جۆرێکی تر دەتوانین بڵێین: پەخشانەشیعر «جیهانێکی فراوانترە، سەربەستی زیاد و زۆری بۆ نووسەر تێدایە»(٩)، کە ئەمە لە شیعردا کەمترە، چونکە «شیعر هونەری ستایشکردن و پیرۆزکردنی جیهان و هونەری جوانکردنی دنیا بووە، بەڵام پەخشانەشیعر هونەری ڕەخنە و شێوەکارییە.»(١٠). لە پەخشانەشیعردا نووسەر دەتوانێ ڕوونتر و ئاشکراتر، یان بڵێین دەستکراوەتر لەگەڵ زمان و بابەتدا بجووڵێتەوە و بەراورد بە شیعر قسەی زۆرتری تێدا بکرێت، ئەمە بەو واتایە نا کە پەخشانەشیعر ژانرێکی ناوەڕۆکخواز بێت، بەڵکو بەو مانایەی لە پەخشانەشیعردا یەکێتی و یەکگرتنێک هەیە کە هەر لە دەستپێکی دەقەوە تا کۆتایی، نووسەر پێوەی پابەندە و لەو پێناوەدا بنیادی دەق بینا دەکات. ئەم جیاوازییەیش بۆ بوونی «چەق» لە هەردوو ژانرەکەدا دەگەڕێتەوە؛ مامەڵەکردنی شیعر لەگەڵ چەق، یان سەنتەر، مامەڵەیەکی ئامانجدارە، تەواوی یەکەکانی بنیادی دەق بە دەوری چەقدا دەخولێنەوە و بەرەوپێشی دەبەن، بەڵام لە پەخشانەشیعردا یەکەکانی بنیاد پەلوپۆ دەهاون و لە چەق دوور دەکەونەوە، دەق بەرەو جۆرێک لە کرانەوە و فراوانبوون دەبەن. هەر لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پەخشانەشیعر نزیکترە بە ژانری چیرۆک، ڕۆمان و...تاد، بۆیە کاتێک بۆ نموونە دەگوترێ فلان ڕۆمان ڕۆمانێکی شیعرییە، خودی دەربڕینەکە گرفتدارە، سنووری نێوان شیعر و پەخشانەشیعر، کە سنوورێکی هێجگار کاڵ و ناسکە، تێکەڵ کراوە، دەبێت لەبری ئەوە بگوترێ فلان ڕۆمان ڕۆمانێکی پەخشانەشیعرییە. لە مێژووی ئەدەبیاتیشدا کەم نین ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی بە شێوەی پەخشانەشیعر، یان بڵێین بە سوودوەرگرتن لە ژانری پەخشانەشیعر نووسراون و دەنووسرێن.

خاڵێک کە دەبێت لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین، ڕادەی بەکارهێنانی زمانە لە پەخشانەشیعردا، واتە زمان تا چ ڕادەیەک و جێیەک توانایی کشان و گەمەکردنی تێدایە؟ بێ گومان زمانی پەخشانەشیعر زمانێکی بزۆکە، لەگەڵ ئەوەی هەوڵ دەدات یەکگرتوویی بنیادی دەق پێشان بدات، لەگەڵ ئەوەیشدا لە بەردەوامی و بەرەوپێشبردنی دەقدا، ڕیتمی ناوەکی و زەینی دەق بەرهەم دەهێنێت؛ ڕیتمێک کە جیایە لە ڕیتمی دەرەکیی شیعر، واتە ڕیتمێک نییە لە ئەنجامی کێش و سەروا دروست بووبێ، بەڵکو ئەم ڕیتمە لە هەناوی دەقەوە دێتەبەرهەم. خەسڵەتی ئەم ڕیتمە ناجێگیرییە، پێچەوانەی ڕیتم لە

شیعری کێش و سەرواداردا کە جۆری ڕیتمەکەیان جێگیرە، ڕیتمی ناوەکی بەرهەمی لێکدان و پێوەندی نێوان پیت و پیتە هاوشێوە و نزیکەکانە، وشە و وشە هاوشێوە و نزیکەکان لە فۆنیم و دەنگ، لێکدژ و ئاوس لە مانا، ڕستە و ڕستە هاوشێوە و نزیکەکان لە فۆنیم و دەنگ، لێکدژ و ئاوس لە مانا و...ە، هەستی پێ دەکرێت و دەبیسترێت، درک بە شیعرییەتی دەکرێت. شیعرییەت لە کورتترین پێناسەدا؛ لادان و وەرچەخانە لە زماندا، دەرچوونە لە سووری سواو و سستی زمان. بۆ شیعرییەت «کێشە وشەی شیعری و ناشیعری نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا بەشیعربوونی وشەکانە.» (١١). ئەوەی لە پەخشانەشیعردا خاڵێکی جیایە لە ژانرەکانی تر و بە تایبەت شیعر، چنینی وشە و ڕستەیە، بە مانایەکی تر؛ دروستکردنی پەرەگرافە. هەر پەرەگرافێک لە پەخشانەشیعردا ئەندازە و هەڵچنینی تایبەت بە خۆی هەیە، کە وا دەردەکەوێت شاعیر سەروەختی نووسینەوەی هەریەک لە پەرەگرافەکانی نێو پەخشانەشیعرییەکەی، وچانێکی گرتووە، پاشان دەستی کردووەتەوە بە خوڵقاندنی پەرەگرافێکی تر، بۆیە یەکێک لە خەسڵەتە تایبەتەکانی پەخشانەشیعر بوونی پەرەگرافسازییە، لەم ژانرەدا کاتێک لە پەرەگرافەکان ورد دەبینەوە، هەریەکەیان سەربەخۆیی خۆیان هەیە و بۆ نووسینەوەیان خەرجییەکی تایبەت لە زمان و شیعرییەتدا کراوە، ئەمە بەو مانایە نایەت ئەو یەکێتییەی نێو پەخشانەشیعر بە هۆی سەربەخۆیی پەرەگرافەکانەوە لەبەین بچێ و نەمێنێت، بەڵکو کۆی گشتی هەریەک لە پەرەگرافەکان، لەگەڵ ئەو سەربەخۆیی و سەربەستییەی هەیانە، بۆ شکڵ و شێوەدان بەو یەکێتییە ناوەکییە یەک دەگرن.

* * *

خوێندنەوەی پەخشانەشیعری «گۆرانییەک بە تەنیا لە چۆڵەوانیدا پیاسەی کرد...!»ی تەیب جەبار لەبەر ڕۆشنایی ئەو باسانەی سەرەوە، دەکرێت خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەند و هەمەلایەن بێنێتە بەرهەم، ئامانج لەم خوێندنەوەیە ئایدیا و گۆشەیەکی دیاریکراوە، نەک ئەوەی لە چەند لاوە دەق ئابڵوقە بدەین و سەرئەنجامیش خاڵێک نەبێت کۆی دەلالەت و خوێندنەوەکان پێکەوە کۆ بکاتەوە. ئەو بەردەی خوێندنەوەکەمانی لەسەر ڕادەگرین، فۆرمە، هەوڵ دەدەین لە ڕێی فۆرمەوە بگەین بە ناوەڕۆک، بە واتایەکی تر، چۆن فۆرم و ناوەڕۆک لەم پەخشانەشیعرییەدا تێکەڵی یەک بوون و یەکتر پڕ دەکەن؟

ئەم دەقە شێوازێکی پرسەنامە (لافیتە)ی هەیە و لەسەر هەمان کڵێشە دارێژراوە. ئاشکرایە پرسەنامەکان لەسەر پارچە پەڕۆیەکی ڕەش و بە خەتێکی سپی دەنووسرێن، شتێکی بەرچاو و ڕۆژانەیین، دەتوانین بە دیواری مزگەوت، لەسەر سووچی کۆڵان، فولکەکان، ناوبازاڕ، نەردەی باخەکان و... بیانبینین. فۆرمی نووسینیان، فۆرمێکی جێگیرە، بە دەستەواژەی «دڵگرانین بە کۆچی دوایی...» دەست پێ دەکات و پاشتر ناو، نازناو ئەگەر هەبێ، ناوبانگ، عەشیرەت، دواتریش ناوی برا، یان کوڕەکانی کۆچکردوو دەنووسرێن و بە ئایەتی «انا الله وانا الیە راجعون» و شوێن و ناوونیشانی پرسەکە تەواو دەبێت.

«بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاک (ئاوەدان)م بیست...» (١٢).

لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم دێڕی پەخشانەشیعرییەکەدا هەست بەو گۆڕانە دەکەین کە ئەم دەقە لەو کڵێشەیەی سەرەوەی پرسەنامە جیا دەکاتەوە ؛ ئەم پەخشانەشیعرە پێڕەوی لەو جۆرەی پرسەنامەیە نەکردووە کە بە دیوار و شوێنە بەرچاوەکانەوە هەڵدەواسرێن و دەیانبینین، بەڵکو ئەمە پرسەنامەیەکی تایبەتە بۆ کۆچکردوویەک، نامەیەکی ماتەم و کەسەرئامێزە، لە کەسێکی دیاریکراوەوە ئاراستەی بنەماڵە، یان دۆستانی (کاک ئاوەدان) کراوە. لێرەدا دەتوانین جیاوازییەکی بنچینەیی لە نێوان ئەم دوو جۆرە لە دەربڕینی هاوخەمی و پرسەنامە دابنێین و ئەو هەڵە تێگەیشتنەیش ڕاست بکەینەوە کە نیسبەت بەم دووە هەیە. لە جۆری یەکەمدا، واتە ئەو جۆرەی پرسەنامەکان لە بەرچاوترین جێدا هەڵدەواسرێن، تا زۆرترین خەڵک بیانبینێت و ئاگاداری مردنی فلانکەس بێت، شێوازێکە ڕووی لە جەماوەر و خەڵکێکی بەرفرەیە، یان بڵێین بۆ هەمووانە و ڕووی لە هەمووانە، ئەم جۆرە لە پرسەنامە زیاتر دەچێتە قاڵبی ئاگادارکردنەوەوە، دەکرێ ناوی «ئاگادارینامە»ی لێ بنرێ. ئەم جۆرە ناپەرژێتە سەر وردەکارییەکانی کۆچکردوو، جیا لەو کڵێشەسازییەی لەم جۆرە ئاگادارینامانەدا پێڕەو دەکرێت، ناپەرژێتە سەر ژیان و

کەسایەتیی کۆچکردوو. ئەم جۆرە لە دەربڕینی پرسەنامە، بۆ خەڵکانی ئاسایی و چینی عامە. لە بەرانبەردا جۆری دووەم هەیە، کە لەم پەخشانەشیعرەدا دەیبینین، ئەم جۆرە لە دەربڕین سنووڕێکی دیاریکراوی هەیە، تایبەتە، بەردەنگی ئەم جۆرە، بەردەنگێکی کەمە و ڕووی لە کەسێک، یان ئەوپەڕی بنەماڵەیەکە. لەم جۆرە دەربڕینەدا، نووسەری نامە، هێندە خۆی بەو کلێشەسازییەوە سەرقاڵ ناکات کە لە ئاگادارینامەکانی سەردیواردا هەبوون، بەڵکو بە چڕی دەکەوێتە ناسین و تایبەتمەندییەکانی کۆچکردوو. ئەم جۆرە پرسەنامەیە کە بە زۆری لەژێر ناوی «برووسکەی ماتەمینی»دا ئاراستە و بڵاو دەکرێتەوە، تایبەتە بە چینی باڵا و سەرەوە، واتە کۆچکردوو خۆی کەسایەتییەکی گرنگە، یان پێگە و ئاستی بنەماڵەکەی سەر بە یەکێک لە چینەکانی عەشیرەت، حکوومەت، سیاسەتمەدار و...تاد.

«سەرمای بەرز و گەرمای نزمی دەردەسەری کۆڵی پێ نەدەدا، چاوپۆشیی لە چاوپۆشی نەدەکرد. پێی باش نەبوو ئاخ و ئۆف کەڵەکە بێن و زوو زوو دەیدانە دەم ڕووباری چارەسەرەوە. لە زەمینەسازیدا شارەزا بوو، پەتی گرۆتینی دەدایە دەستمان و عەتری ئاسمان و ئاوی جوانی پێ دەبەخشین.» (١٣).

عادەتی ئەم جۆرە نامانە، جیا لە دەربڕینی ماتەم و خەمباربوونی خەست، جۆرێک لە زێدەوەسف و هەندێک جار موجامەلەیشی تێکەڵ دەبێت، ئەمەیش لە لایەکەوە بۆ پیشاندانی زیاتری هاوخەمی و هەستکردن بە ئازار و کەسپەی لەدەستچوونی کۆچکردوو دێت، لە لایەکی دیکەیشەوە پیشاندانی نزیکی و پێکەوەیی کۆچکردوو و نووسەری نامەیە.

«کاک (ئاوەدان) سەرباری چوست و چالاکی، هەمیشە پۆشاکی دڵدانەوەی دەپۆشی، خۆراکی وژەی دارستان بوو. کلیلی هەڵکردن و کپکردنی ڕەشەبای پێ بوو. شەوانە یەک دوو پەرداخ خۆرەتاوی هەڵدەدا، ناخی خۆی پێ پاک و ڕووناک دەکردەوە. هێندە میهرەبان بوو ڕۆژانە لە ناو لەپی کانی هەڵدەقولا.» (١٤).

لەگەڵ ئەوەی کە زمانی ئەم جۆرە نامانە زمانێکی تاڕادەیەک گشتییە، بەڵام هەر لەناو ئەم زمانە گشتییەدا هەست بە نزیکی و هاوخەمی نووسەری نامە نیسبەت بە کۆچکردوو دەکرێت و تێیدا حەشارە.

«زۆر بە داخەوە بۆ کۆچی دوایی کاک (ئاوەدان)

هاوارێک بوو بە گوێی بۆشاییدا، گۆرانییەک بوو بە تەنیا لە چۆڵەوانیدا پیاسەی دەکرد.

یەزدانی مەزن بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و سەبووری هەموو لایەکمان بدات.

انا الله وانا الیه راجعون....» (١٥).

وەک ناوەڕۆک، ئەم پەخشانەشیعرە دەچێتە قاڵبی پەخشانەشیعرێکی سیبمۆلیکەوە، ئەویش بە هێنانی ناوی (ئاوەدان) وەک کەس/ئاوەڵکاری کۆچکردوو و ڕووی نامە لەوە. ڕەنگە باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لە (ئاوەدان) هەم وەک ناو، هەم وەک ئاوەڵکردار، دانانی بێت بەرانبەر بە دژواتاکەی، واتە بەرانبەر (تێکدان)، یان (وێرانکردن). لەگەڵ ئەوەی لە دەقەکەدا قسەیەک لە تێکدان و وێرانکردن نییە، بەڵام لە هەموو جێیەکدا ئامادەیی هەیە، ئامادەییەکی قورس و قاییم، تەنانەت لە ناوونیشانی پەخشانەشیعرەکەیشدا: «گۆرانییەک بە تەنیا لە چۆڵەوانیدا پیاسەی کرد...!»، هەست بەو تاقانەیی و خاپووربوونەی ئاوەدانی دەکەین. لە خوێندنەوەیەکدا دەکرێ ئەم پرسەنامە وەک سەردوولکە و شیننامەیەک بۆ زەمەن، بۆ برگەیەک لە مێژوو، بۆ سەردەمێکی زێڕین، بخوێنرێتەوە، کە تێیدا (ئاوەدانی) هەبووە، لە سایەی ئاوەدانیدا ئارامی هەبووە، لە سایەی ئاوەدانیدا مرۆڤ «پۆشاکی دڵدانەوەی پۆشیوە، لەگەڵ برادەرەکانیدا بە زمانی شەونم دواوە، دانووی لەگەڵ کەلێن و کەلەبەردا نەکوڵاوە، بە گوزەرێکدا تێنەپەڕیوە کە بۆنی خۆبەشتزانی لێ هاتبێت، حەزی نەکردووە نیشتمان بە حەسرەت بار بکرێت و...» (١٦). دیارە لە پشت ئەم ستایش و شینکردنە زۆرەوە بۆ ئاوەدانی، جۆرە بێ هیوایی و دەستەوسانییەک هەیە، بێ هیوایی و دەستەوسانییەک لە نەبوونی جێگرەوە و درێژەپێدەرێک بۆ (ئاوەدانی). پرسیارێک لێرەدا دێتەپێش و دەتوانێت دەرچەیەکی تر بۆ خوێندنەوەی ئەم دەقە بڕەخسێنێت: ئایا (ئاوەدان) ئاماژەیە بۆ ڕابوردوو؟ ئەگەر وەڵام بەڵێیە، چ ڕابوردوویەک؟ ڕاستییەکەی کاتێک ئێمە مێژووی خۆمان دەور دەکەینەوە، بە دەگمەن و نزیک لە مەحاڵ، تێیدا برگەیەک لەو مێژووە بدۆزینەوە بۆ ئێستامان جێی شانازی و شەرافەتمەندی بێت، مێژووی ئێمە پڕە لە خیانەت و ملشکاندن، لە هەر شوێنێکەوە لەم مێژووە

دەڕوانیت داغانە بە پشتکردنە یەک و چەقۆکێشان لە پشت یەک، داغانە بە نۆکەریی بۆ بێگانە و چاڵهەڵکەندن بۆ یەکتر و... بۆیە لە وەها خوێندنەوەیەکدا، ئەم دەقە ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە؛ هەر ڕابوردووپەرستی و ئاخهەڵکێشانێک بۆ ڕابوردوو، لەنێو ئەم مێژووە بێ مێژووەدا، کارێکی ترسناکە، ترسناک تا ڕادەی بەرهەمهێنانەوەی هەمان ئەزموونی کارەساتاوی پێشوو. دەتوانین درێژە بە خوێندنەوەکان بدەین و خوێندنەوەی تر و مانای تر لە ناوەڕۆکی ئەم دەقەوە دەربکێشین، چونکە دەق «کارێکی ناکاملە و دەتوانێت بەردەوام لەگەڵ خوێنەری تازەدا کامڵ بێت. مەزنی و تازەگەریی بەردەوامی شاعیرە گەورەکان لەوەدا پەنهانە، کە دەتوانن بێ ئەوەی دەستبەرداری خۆیان بن، ببنە کەسانی دی.» (١٧).

* * *

لایەنی هونەریی ئەم پەخشانەشیعرە ئەو وردەکارییەیە لە زماندا کراوە، لە دەقێکی ڕووتی پەخشانییەوە بەرزکراوەتەوە بۆ پەخشانەشیعر، پەخشانەشیعر قەوماوە. زمانێکە ترازاو لە زمانی ئاسایی و پێوەر، ترازاو لە زمانی ڕاستەوخۆیی؛ زمانی ڕاستەوخۆیی زمانێکە بۆ زووتر گەیاندنی پەیام و مەبەست، زمانێکە گوتاری زانستی و میدیاکان و...تاد. بەکاری دەبەن. «پەنابردن بۆ زمانی ڕاستەوخۆ، زمان پەراوێز دەخات، تەئویلبڕە، تاکمەودایی دەخولقێنێت.» (١٨). زمان لە ئەدەبیات و بە تایبەت شیعردا، بەردەوام لە ڕێی چەندان تەکنیک و فێڵی زمانییەوە، لە ڕاستەوخۆگەیاندن دوور دەکەوێتەوە. بێ گومان زمان لە بچووکترین یەکەدا (پیت و پەیڤ)، شتێک نییە لە دەرەوەی فۆرم، زمان لە دەرەوەی فۆرم ناتوانێ ببێتە ئەو شتەی کە پێی دەگوترێ ئەدەبیات. ئەگەر تەماشایەکی هەرکام لە دەربڕینەکانی نێو ئەم پەخشانەشیعرە بکەین، ئەو وردەکارییە هونەرییە دەبینینەوە و دەزانین چۆن زمان لە ڕواڵەت و شێوەی ئاسایی کەوتووە و شتێکی لێ دەرهاتووە نوێ، ناباو و نەبیستراو: «کپکردنی ڕەشەبا، تەپوتۆزی تەڕ، کەفاوی لووتبەرزی، گوزەرانی لابەلا، پاشەکەوتکردنی بەزەیی و تووڕەیی، بۆنی گەردەلوول، ڕووباری چارەسەر و...» پێدانی ئەرکگەلی لەم جۆرە و لێکدانی ناو، ئاوەڵناو و ئاوەڵکردارەکان بەو چەشنە، دەربڕینگەلێکی هێناوەتە بەرهەم کە لە هیچ کام لە ڕێسا و یاسا زمانەوانییەکاندا نین و جێیان نابێتەوە، بەمەیش ئەم دەقە مۆری خۆی وەک پەخشانەشیعرێکی چاک لێ داوە و لەم خانە و ژانرەدا سەرچەشن و نایاب بووە.

کاتێک ئەم پەخشانەشیعرە هانا بۆ فۆرمی پرسەنامە دەبات، ئەم فۆرمە کراسێک نییە دەڵێ، یان بە بەری ناوەڕۆک تەسک بێت، هەڵبژاردنی ئەم فۆرمە لە سۆنگەی ئەو ناوەڕۆکەوە دێت دەقەکە ئاراستەی دەکات. هەڵبەت بینینی شێوەی پرسەنامە لە هەردوو جۆرەکەیدا؛ چ ئەوەی بە دیواردا هەڵدەواسرێت، چ ئەوەیش وەک نامە دەنووسرێت، کۆچکردووەکە بۆ ئێمە ناسراو، یان نەناسراو بێت، هەر مایەی خەم و دڵتەنگییە، ئەمەیش ڕاستەخۆ لە فۆرمەوە بۆ ناوەڕۆک دەگوێزرێتەوە و پێکەوە دەبنە هۆی تۆخکردنەوەی پەیامی ڕاگەیەنراو. شیعر بەو ئیمکان و وزە شاراوانەی هەیەتی، ناتوانێ لەناو ئەو فۆرم و کلێشەیەدا بتوێتەوە و ناوەڕۆکێکی وا بنوێنێت، هەر بۆیە «وەختێک شیعر ناتوانێ ئاراستەی کێشەی بابەتەکان بە مەودای زمانی شیعریدا تێپەڕێنێت و بیگەیەنێتە سەرئەنجام و کۆتاییەکی شیعری، بە ناچاری دادەبەزێتە ئاستی پەخشانەشیعر.» (١٩). دەتوانین بڵێین شوێنی شیاو بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی، کە هانا بۆ فۆرم و کلێشەیەکی فەرمی حازربەدەست و نائەدەبی وەک پرسەنامە ببات، پەخشانەشیعرە. پەخشانەشیعر دەتوانێت ئەم فۆرم و کلێشەیە بچەسپێنێت و دەقێکی ئەدەبی لێ دەرکێشێت. تایبەتمەندی پەخشانەشیعر، هەم لە ڕووی نزیکی و کرانەوەی بەسەر بابەتگەلێکی وەک گێڕانەوە، دیالۆگ، ڕووداو و... هەم لە ڕووی ڕیتمەوە، وەک گوترا لە جۆری کراوەیە و «ئەمەیش هەڵقوڵاوی هارمۆنییەکی ناوەکی و بزۆکە کە یاساکانی پاشوەختن نەک پێشوەخت، واتە بە پێی پێداویستییەکانی سیاقە.» (٢٠). یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی ئەم ژانرە بتوانێ لەگەڵ وەها فۆرم و کلێشەیەکدا ڕووبەڕوو بێت.

لەم کلێشەیەدا، ناوەڕۆک و فۆرم لە یەکتردا نیشەجێ و جێنشین، داڕشتەی دەقەکە و بینینی دەستپێکی «بە داخ و پەژارەیەکی...» و لە کۆتاییشدا ئایەتی «انا الله وانا الیه راجعون»، دەتوانێ لە یەک کاتدا بمانخاتە ناو خۆیەوە، واتە بمانخاتە ناو فۆرم و ناوەڕۆکی دەقەکەوە.

فۆرم و ناوەرۆکیش لەناو ماناگەلێکی وەک «ماتەم، شین، خەمباربوون و...»دا دەکەونە ناویەک، پێکیشەوە هاوجووت و هاومانا دەبن. لەم پەخشانەشیعرەدا، لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەکی ستوونی و یەکرپتم لە سەرەوە بۆ خوارەوە پابەندە بەو کلێشە ئامادەکراوەوە، بەڵام دەقێک بەرهەم نەهاتووە کلێشەیی، ئەمەیش بە کارکردنی زمان، کە بەردەوام لە جووڵە و پەلهاویشتندایە، دەستەبەر کراوە. بەمەیش زمان لەوە دەرچووە بە تەنیا ببێتە گوێزەرەوەی هاوخەمی و سەرەخۆشی، لەوە دەرچووە لایەنی هونەری و ئیستێتیکی دەق لە خاڵێکدا چەق ببەستێت. ناباویی زمان و بەرهەمهێنانی ریتمێکی ناوەکی و بە گوێ خەمگین، وایان کردووە دەقەکە لە دیکتاتۆریەتی زمان، ڕێزمان و زمانی پێوەر، دەرباز ببێت.

**سەرچاوەکان:**

**(١) گۆرانییەک بە تەنیا لە چۆڵەوانیدا پیاسەی کرد...!، تەیب جەبار، ڕۆژنامەی ڕەخنەی چاودێر، ژمارە: ٣١٦، ساڵی ٢٠١٢.**

**(٢) بوتیقای پێکهاتەخواز، تزوتان تۆدۆرۆف، و. لە فارسییەوە: محەمەد تەرەغە، لە بلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٢.**

**(٣) کەشفی زمان و دوایین وێستگەی شیعریان، ئیبراهیم مینوویی، گۆڤاری ئاینده، ژمارە: ٨٢، جەنیوەری ٢٠٠٢.**

**(٤) تێرامانەکان لە قەسیدە، ئۆکتاڤیۆ پاز، وەرگێرانی: بروا عەلادین، گۆڤاری ئاینده، ژمارە: ٣، ئەیلوولی ١٩٩٩.**

**(٥) ساختار و تاویل متن، بابک احمدی، نشر مرکز.**

**(٦) هەمان سەرچاوەی ژمارە: ٣.**

**(٧) شعر و اندیشه، داریوش اشوری، نشر مرکز ١٣٧٣.**

**(٨) ڕیتم لەنێو شیعر و موزیکدا، شاهۆ سەعید، گۆڤاری ئاینده، ژمارە: ٥٠، ٥١، ساڵی ٢٠٠٣.**

**(٩) هەر تەنها مانگ لەژێر درەختا بیر دەکاتەوە، عەبباس بەیزون، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، بلاوکراوەی غەزەلنووس، سلێمانی ٢٠١٥.**

**(١٠) هەمان سەرچاوەی ژمارە: ٩.**

**(١١) شیعرییەت، عەبدولقادر محەمەد ئەمین ماوەتی، گۆڤاری ئاینده، ژمارە: ٣٠، ئاداری ٢٠٠٢.**

**(١٢، ١٣، ١٤، ١٥، ١٦) هەمان سەرچاوەی ژمارە: ١.**

**(١٧) هەمان سەرچاوەی ژمارە: ٤.**

**(١٨) نامەیەکی کراوە بۆ هاوڕێم سەباح ڕەنجدەر، عەبدووڵڵا تاهیر بەرزنجی، گۆڤاری هەنار، ژمارە: ٥٣.**

**(١٩) خەسڵەتنمایی جیاوازییەکانی پەخشانەشیعر، مەهدی ساڵح مەجید، گۆڤاری ئاینده، ژمارە: ٤٣، ساڵی ٢٠٠٢.**

**(٢٠) هەمان سەرچاوەی ژمارە: ٨.**